www.kurdistannet.org
06/07/2003 21:52

# سەحاف دەدوێ٠٠٠بەڵام هیچ ناڵێ

گۆران هەڵەبجەیی

كەناڵی ئاسمانی{ئەلعەرەبیە}دیمانەیەكی لەتەك وەزیری ڕاگەیاندنی پێشووی عیراقدا {محەمەد سەعید ئەلسەحاف}پەخشكرد٠ بەرلەوە چەندین جار پڕوپاگەندە بەنێوی {سەحاف دەدوێ بۆئەو دیمانەیە كرا٠ئەوەی جێی ئاماژەیە سەحاف یەكەم بەرپرسی ڕژێمی هەرەسهێنراوە كە بۆ میدیا دەدوێت٠ بۆیە من بەشبەحاڵی خۆم بەتەوسەوە چاوەڕێی ئەو ڕووداوەبووم٠ لەسەروبەندی جەنگی ڕزگاركردنی عێراقدا سەحاف ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبوو بەهۆی ئەو كۆنگرە ڕۆژنامەوانیانەی كە ڕۆژانە سازی دەكردن٠ وە بەجۆرێك ناوزەندی دەركرد كە بووە ئەستێرە یەكی كۆمیدی جیهانی ٠درۆكانی سەحاف هێندە مەزن و گاڵتەئامێزبوون كەسێكی وەك سەرۆك بۆشی ناچاركردبوو كە واز لە كارەكانی بهێنێت تا گوێ بۆ سەحاف ڕادێرێت ٠ ڕۆژنامەنووسێكی دانماركی لەوانەی بەردەوام ئامادەی كۆنگرە درۆكانی سەحاف دەبوو گووتی{ لەدۆخی جەنگەكەدا مەودای گەڕانمان زۆر سنووردارببوو وە{ یاوەرە ئاسایشەكانمان}ڕێگەیان نەدەدایین بەخواستی خۆمان بگەڕێین ٠ بۆیە زۆربەی كاتمان لە هوتیلەكە بەسەردەبرد٠ وە تەنها شتێك كە مایەی ڕابواردنمان بوو كۆنگرە ڕۆژنامەوانیەكانی سەحاف بوون٠ }درۆكانی سەحاف گەشتنە ئەو ئاستەی كەلەمیدیاكانی جیهاندا بایەخی تایبەتی پێبدرێت، وەچەندەها كاریكاتێرو بابەتی قۆشمەو فلیم وتەنانەت وازی كۆمپیوتەربۆزارۆكانی لێ بەرهەم بهێنن٠ دوا دەركەوتنی سەحاف ڕۆژێك بەر هەرەسی ڕژێمی حیزبەكەی بوو، كەلە وەزارەتەكەی هاتەدەرەوەو دوا درۆی بۆ میدیاكان كردوو بەدوایدا سواری ماشێنەكەی بوو٠ ئیدی سەری شەرمەزاری هەڵگرت و ئەستێرەی كووژایەوە٠ لەدوای ئەوبەرواره هەواڵێكی ئەوتۆ لەبارەیەوە نەدەبیسترا، تەنها ئەوەندەنەبێت كە گوایە داوای لەهێزی هاوپەیمان كردوە بیگرن، نەكا دەستی ڕكوكینەی پێبگات وبیكوژن، دەڵێن ئەوانیش ڕەتیانكردووەتەوە چونكە لەلیستی پەنجاوپێنجەكەدانیە٠دەركەوتنی نوێی سەحاف لەرێگەی كەناڵی ئەلعەرەبیەوە دەركەوتنێكی كزوكەنەفت بوو چ وەك ڕووخسار چ وەك هەڵوێست٠ پێدەچێت مەبەستی لەو دیمانەیە ئەوەبێت پێمانبڵێت من سەحافەكەی جارانم نەگیراوم و ئەوەتا بەئارەزووی خۆشم دەدوێم ٠ بەڵام ئەوەی گوێبیستی دیمانەكەبوو چ وەك لایەنگیر چ وەك دژ توشی نائومێدی بوو٠ چونكە لەڕاستیدا هیچی نەگووت كەشایانی باسبێت٠ لەسەرەتاوە تاكۆتایی ڕستەیەكی سوودمەندی نەگووت٠ئەوەی ئاشكرابوو بەردەوام لەوەڵامی پرسیارەكان هەڵدەهات، یاخود وەڵامەكانی زۆركورت بوون كەمەبەستیان نەدەدابەدەستەوە٠ دیارە سەحاف لەم هەڵوێستەیدا نەیویستووە دوولایەن لەخۆی بووروژێنیت كەپێدەچێت لەئاكامدا دووچاری كووشتن یاگرتن بێت٠ دوولایەنەكەش بریتین لە هیزی هاوپەیمان لەلایەك وە پاشماوەی ڕژیمی سەدام لەلایەكی دیكە٠ كەواتە دارێكی بەدەستەوەیە هەردووسەرەكەی هیناویە٠ گەر دژی هاوپەیمانەكان بدووێت ئەوە خۆی لە بەندیخانە لەنێو ڕەفیقە حیزبیەكانیدا دەبینێتەوە٠ خۆ گەر هەڵوێستیش دژی ڕژێمی هەرەسهێنراو بنوێنێت ئەوە دوور نیە ئازاری نەدەن یاخود هەوڵی كووشتنی نەدەن٠ وەڵامیزۆربەی پرسیارەكانی بەئایندە سپارد، ئەمەش كارێكی سانایە بۆكەسێك نەخوازێت خۆی بەرپرسكات لەئاكامی وەلامەكانی٠

ئەمەش وەڵامی بڕێك لەپرسیارەكانن كە ئاراستەی كرا:

**★گالیسكەی مێژوو وەڵامی ئەو هەرەسە كووتووپڕە دەداتەوە٠**

★هێمان كاتی شرۆفەكردن و گێڕانەوەی هەموولایەنەكانی ئەو چیرۆكە نەهاتووە٠

★لە ئایندەدا بەنووسین {لەشێوەی یاداشتنامەدا}وەڵامی زۆربەی ئەو پرسیارانەی تۆ دەدەمەوە٠

★لەگرتنی بەغدادا هەستم وەك هەستی هەر عێراقیەكی دیكە بوو٠

★ لەمەڕ ئەو چالاكیانەی دژی هێزی هاوپەیمانان ئەنجام دەدرێن، هیچ كۆمینتێكم نیە٠

★نازانم سەدام لەكوێیە٠

★پەیقی عەلووج نەداهێنانی منە و نەهی سەدام بەڵكو هی عومەری كوری خەتابە٠

★پەیوەندیم لەتەك سەدامدا وەك پەیوەندی هەروەزیرێك لە حكومەتێكدا بە سەرۆكەكەیەوە٠

*ناتوانم ڕاشکاوانە ڕای خۆم لەسەر زۆر مەسەلە دەربڕم.

*من بەشێکی بچوکم لەپێکهاتەی وێنەکە، جابۆئەوەی هەمووڵایەنەکانی ئاشکرابێت گەرەکە هەقی خۆی پێبدرێت وەنابێت پەلەی لێبکەین.

*مبادەرەی شێخ زاید بابەتێکی دیکەیە، لەو ڕووەوە هیچ نایژم.

*هەنووکە ناتوانم بێژم کێ بەرپرسە لەو هەرەسە. با لێگەڕێین مێژوو وەڵام بداتەوە .

*ڕۆژنامەوان: واهەست دەکەم لەشتێك دەترسیت. نەخێر من لەکات دەترسم.

***حەزتکرد دەبابەکانی ئەمەریکا لێرەبیبنیت؟ نەخێر. بەڵام تۆش بەشێك بوویت لە گەشتنی ئەو دەبابانە بەئێرە.لە یاداشتنامەکەمدا ئەوەش دەنووسم.**

لەکۆتایدا ڕۆژنامەوان پرسیاری ئایندەی لێکرد.لەوەڵامدا گووتی ماڵئاوایی لەسیاسەت دەکەم وەخۆم بە خێزانەکەمەوە خەریك دەکەم

پاشکۆتایی دیمانەکە بێژەرێکی بەرنامەکە پەیوەندی بەهزروان ونووسەری لوبنانی غەسان توینی وەکرد بۆ دەربڕینی بۆچوونی لەمەڕ ووتەکانی سەحاف .غەسان توینی گووتی :

{من تێناگەم باسی چ مێژوویەك دەکات، بۆ وەڵامەکان بەمێژوو دەسپێرێت ؟ئەو مرۆڤە گەرەکیە غەش لە بینەران بکات . خۆشی بەشێك بوو لە ڕژێمی ڕابردوو کەواتە بەرپرسە لەهەرچی ڕوویداوە . بەرپرسە لە ئازارەکانی گەلی عێراق، بەرپرسە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان.}

ئەو هەموو نەهامەتی وکارەساتانەی بەسەر گەلی عێراق و کوردیاندا هێناوە سەحاف گەرەکیە گچکەی کاتەوەو بیکاتە بابەتێکی مێژوویی کە خودی خۆی هیچ ڕۆڵێکی نەگەتیڤی تێدا وازی نەکردبێت و وەك مرۆڤێکی پیاوچاك ووڵاتپارێزخۆی نیشانبدات. سەحاف واز لەسیاسەت دێنێت و خۆی بۆ خێزانەکەی تەرخاندەکات. کەسێك سەحاف نەناسێت وادەزانێت سیاسەتمەدارێکی مەزن وناوداره سەردەمانێکی دووروودرێژ خزمەتی وڵاتی کردووەو ئیدیخۆی خانەنشین دەکات.چاك وابوو بێژێت واز لە درۆو هەڵخەڵەتاندن دینم .چونکەلەزووڕنا ژەنێکیناڕسەنی زارپیس بەوڵاوە شتێکی دیکە نەبوو. خۆی لەهەمووان چاکتر دەزانێت کە لەئایندەی عێراقدا شوێنێك بۆ ئەو نیەبۆیە دەڵێت وازلە سیاسەت دینم.

گەرەکە بواربە سەحاف و هاوچەشنەکانی نەدرێت کە بەئاسودەیی لەنێو خێزانەکانیاندا بژین. چونکە ژیانی ئاسودەیان لە ملیونەها خێزانی کوردو عەرەب و ئێرانی وکوێتی تێکدا.

پەتی سێدارە یا کوونجی بەندیخانە شیاوی ئەو دڕندانەیە، نەك باوەشی گەرمی خێزان.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.